لە کڵێسای مار ئیلیاس لە دیمەشقی پایتەختی سوریا تەقینەوەیەک ڕوویدا



کەمێک پێش ئێستا لە کڵێسای مار ئیلیاس لە دیمەشقی پایتەختی سوریا تەقینەوەیەک ڕوویدا و لە ئەنجامدا ژمارەیەک کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.

میدیاکانی سوریا ئەوە یەکشەممە بڵاویانکردەوە، دەنگی تەقینەوەیەک لە ناوچەی دوێلە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی دیمەشقی پایتەختی سوریا بیستراوە و تەقینەوەکە لەناو کڵێسایەک بووە.

بگۆڕی دژگاکانی ڕاگەیاند، "زانیارییە سەرەتاییەکان ئاماژە بوون دەکەن کە تەقینەوەکە لەناو کڵێسای مار ئیلیاس ڕوویداوە و لە ئەنجامدا کەسێکی گیانی لەدەستداوە و ژمارەیەک کەسی دیکەش بریندارببون، وەک ژمارەی سەرەتایی".